## بەڕێزان ئەندامان و دەستەی بەڕێوەبەری ناوەندی ڕۆشنبیری کورد/فیلەند

سڵاو و ڕێزی بێپایانم بۆ ئێوەی بەڕێز و ماندونەبونیتان دەکەم هیوای سەرکەوتن بۆ ناوەندەکەتان دەخوازم.:
سەبارەت بەو ڕاستکردنەوەیەی کە دەربارەی ڕاپۆرتە هەواڵێکی کوردستان نێت، کە بەڕێز عەباس شوان نووسیویەتی، ناردوتانە سەرنجتان بۆ ئەم خاڵانە ڕادەکێشم:

- ❖ دەربارەی گلەییەکەتان لە کوردستان نێت، من زۆر بە دڵێکی فراوانەوە وەری دەگرم داوای لێبوردنتان لێدەکەم. لە ڕاستیدا سەیری ئەرشیفی ئیمایلەکانی ڕۆژی ٢٠٠٢/٤/١٨ م کرد، بۆم دەرکەوت ڕاستە کەناوەندەکەتان ڕاپۆرتە هەواڵی بۆ ناردبووین. لەگەڵ ئەوەی کە ڕاپۆرتەکەتان لەلایەن خۆمەوە کرابووە PDF و ئامادەی بڵاوکردنەوە کرابوو، بەڵام لەکاتی دابەزاندنی بۆ سەرسایتەکە، بەهەڵە دانەبەزیبوە ناو سێرفزەکەوە، ئەویش بۆ کەمتەرخەمی من دەگەڕێتەوە. بۆیە دیسانەوە داوای لێبوردنتان لێدەکەم و دڵنیاتان دەکەم بە هیچ مەبەستێك نەبووە.

- ❖ دەربارەی ڕاست و دروستی و ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەهەواڵەکەی کاك عەباس شوان و هەموو ئەو نووسینانەی کە لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێتەوە، ڕاو بۆچونی نووسەرەکانێتی، و کوردستان نێت خۆی بە بەرپرسیار نازانێت.

لەگەڵ ریزمدا

عومەر فارس بەرپرسی کوردستان نێت

©Kurdistan Net